بەش:  زمانی ئینگلیزی

کۆلێژ: زمان

زانکۆ: سەلاحەددین/ هەولێر

بابەت :  کوردۆلۆژی/ کوردۆلۆجی

قۆناغ: یەکەم

کۆرس: یەکەم

مامۆستای بابەت:  سروە عثمان حمە  (مهربان)

ساڵی خوێندن: 2023-2024

# Course Book / پەرتووکی کۆرس
## Kurdology, Human Rights and Genocide

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | کوردۆلۆجی / Kurdology |
| ٢. ناوی مامۆستای بابەت | سروە عثمان حمە حمە رحيم (مهربان) |
| ٣. بەش / کۆلێژ | زمان / تورکی |
| ٤. وەرزی | دووەم |
| ٥. پەیوەندی: ئیمێل | Sirwa.hama@su.edu.krd |
| ٦. یەکەی خوێندن/ بەکاتژمێر لە هەفتەیەک | تیۆری: 3 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا<br>پراکتیک: **0** |
| ٧. ژمارەی کارکردن | پێنج رۆژ لە هەفتەیەکدا |
| ٨. کۆدی کۆرس | **KUR** |
| ٩. پرۆفایلی مامۆستا | |
| ١٠.وشە سەرەکیەکان | کورد، کوردستان، کوردۆلۆجی/ کوردۆلۆژی، کوردناسی، مێژووی کورد، میرنشینەکانی کورد،جینوسايد، انفال، ڕاگواستن، رەچەڵەکی کورد، جوگرافیای کوردستان، سامانە سروشتیەکانی کوردستان، ئیسلام وئایینی کورد، زمان، خێزانە زمانەکان، دیالێکت و جۆرەکانی، شێوەزار، زمانی ستاندارد، ئەدەب، پەخشان و شیعر، کلتور، فولکلور، دابونەریتی کوردی و ... |
| ١١.ناوەڕۆکی گشتی کۆرس | کوردناسی : هەموو نوسراو و توێژینەوە زانستیەکان دەگرێتەوە کە لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کورد وەك (زمان، ئەدەب، مێژوو، ئاین و کلتور و...هتد) نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە بە ئامانجی ناساندنی کورد.<br>کوردۆلۆجی، وەکو وانەیەک هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و ئاگاداربوون لە لایەنەکانی وەکو زمان،ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا و کلتور ی ونەتەوەییمان، لەگەڵ هەموو ئەو پاکتاوە رەگەزییەی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە. لەسەدەی ڕابردوودا و ئێستا دا کە بۆ خۆی پێویستییەکە بەمەبەستی پەروەردەکردن و ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێ کە شارەزاییەکی تەواوی لە بارەی سەرجەم رەهەندەکانی ژیانی نەتەوەکەی هەبێت.<br><br>گرنگی ئەم کۆرسە لە گرتنەبەری رێگای زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە کورد وەك نەتەوە و خاکی کوردستان وەك وڵات دەردەکەوێت، بە ئامانجی ناساندنی کورد وەك یەکێك لە نەتەوەکانی دونیا کە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی نەتەوایەتی خۆیەتی و جیاوازە لە نەتەوەکانی تر لە ڕووی نەژاد و زمان و کلتور و نەریتەوە، کە مەرجێکی سەرەکیە هەموو تاکێکی کورد زانیاری ڕاست و پوخت لەسەر ئەم بابەتە بزانێت بە ئامانجی گرێدانی تاکی کورد بە نەتەوە و خاکی خۆی کە تایبتە بە خۆی و جیاوازە لە هەموو نەتەوەکانی تر. |

| | |
|---|---|
| | هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەم بابەتە جیاواز لە هەر بابەتێکی تر بە پێویستیەکی گرنگی هەنووکەیی دابنرێ و دەبێت لە هەموو کۆلێژ و بەشە جیاجیاکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بخوێندرێت. |
| ١٢. ئامانجەکانی کۆرس | ١- چەسپاندنی هەست وروح وگیانی نەتەوایەتی ونیشتمان پەروەری لە لای قوتابیان.<br><br>٢.پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوە وئامادەکردنی قۆتابیان بە زانیاری بە سوود دەربارەی سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی نەتەوەکەی.<br><br>٣.پێگەیاندنی ئەکادیمیانەی قوتابی لە بەشەکاندا ورووونکردنەوەی هەموو ئەو بابەتانەیە کە لە بارەی گەلی کوردەوە روونەکراونەتەوە، لێرەدا روونتر دەکرێنەوە و قوتابیانیاني پێ ئاشنا دەکرێ. بە سەرچاووە وبەڵگە وبابەتەکە وەکو بابەتێکی رۆشنبیری گشتی دەبێت.<br><br>٤- ڕاستکردنەوەی هەموو ئەو زانیارییانەی کە ناحەزانی نەتەوەی کورد دژی کوردییان نوسیوە و بێ ویژدانانە لە بەرژەوەندی خۆیان ڕاستییەکانیان درخستوە.<br><br>٥- لەپێناو ناساندنی قوتابیانی غەیرە کورد، بە ڕیشە و ڕەچەڵەکی کورد و سەربەخۆی زمانی کوردی و داب و نەریت و کلتور وشێوازی بیرکردنەوە و شارستانیەتی کورد.<br><br>٦- ناساندنی قوتابیان بە سامانی دەوڵەمەندی کەلتوور و کەلەپوور و جوگرافیا و لایەنە جیاجیاکانی ژیانی نەتەوەی کورد و نەژاد و مێژوو و زمان و ئەدەبیاتی کوردی .<br><br>٧- تێگەیاندنی قوتابیان لەو حەقیقەتەی کە کورد نەتەوەیەکی خاك دابەشکراوی بێ قەوارەیە و بە درێژایی مێژوو توشی قڕکردن و ڕاگواستن و گۆڕینی دیمۆگرافیای خاك و ناسنامەی نەتەوەیی بۆتەوە.<br><br>٨- تێگەیاندنی قوتابی کە کوردیش خاوەنی زمانێکە لە ئاستی زمانەکانی دیکەی دنیادایە لەڕووی سروشت وپێکهاتەوە، وهەوڵ بدات بۆ پێشخستنی زمانەکەی لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسین و داهێنانەکانیدا لە ئایندەی ژیان و کاریدا. |
| ١٣.ئەرکەکانی قۆتابی | گرنگترین ئەرکی قوتابی یەکەم جار ئامادەبوونی بەردەوامیانە لە وانەکان و پابەند بوونی بە ڕێنماییەکانی زانکۆ و ناو پۆڵ وبە وردی تێبنییەکانی رۆژانە وانەکە تۆماربکەن و بەشداربن لە وانەکە بە ڕێگای گفتوگۆ و پرسیارکردن وخستنە رووی تێبینییەکان.<br>بەشداری کردنی قۆتابی لەگەڵ مامۆستا لە وانەوتنەوە وئاشنابوونی قۆتابی بەو |

| | |
|---|---|
| | سەرچاوانەی‌کە لە لیستی سەرچاوەی کۆرسبووکەکە ئاماژەیان پێکراوە" بۆ ئەوەی قۆتابی پێشوەختە زانیاریان هەبێ لەسەر بابەت و وانەکەی و بتوانێت خۆی پرزنتیشن (**Powerpoint Presentations**) ئامادە بکات.<br>جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی ڕۆژانەی وەک ئەرکی ماڵەوە، ئامادەکردن وپێشکەشکردنی سیمینار و وتار وئەنجامدانی چالاکیە ڕاسپێردراوەکانی مامۆستا، هەروەها ئامادە کردنی راپۆرتێک لەسەر یەکێک لە بابەتەکانی وانەکە لە ناو کۆرسەکەدا، یا بابەتێکی نزیک لە بابەتەکە کە زانیاری نوێ سەبارت بە وانەکەی تێدابێت. ئامادەبوونی قوتابی لە رۆژی تاقیکردنەوەکانی روژانە و وەرزی و کۆتایی. |
| ١٤.ڕێگەکانی وانەووتنەوە | بەکارهێنانی داتاشو و پاورپۆینت، تەختەی سپی، مەلزەمە، نووسین و خوێندنەوە، خوێندنی ئەلکترۆنی ... هتد وەک پێداویستیە گرنگەکانن. لەم وانەیەدا چەندین شێواز بەکاردەهێنری بۆ گەیشتن بەئامانجەکان و گەیاندنی زانیارییەکان بە قوتابی وەکو ڕێگای ئامادەکاری،کە تیایدا بابەتەکان  پێش وەختە بە قوتابیان دەدرێ تاکو خۆی پاورپۆینتی وانەکە ئامادە بکات و وانەکە بە شێوازی خۆی و بە یارمەتی مامۆستاکەی بیلێتەوە. هەروەها لەگەڵ بەکارهێنانی چەند ڕێگایەکی دیکەی وەکو ڕێگای گفتوگۆ وپرسیار و وەڵام، کامە باشترە، وێنە و ڤیدئوی گونجاو وپێوست بە وانەکە لەپێناو دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەو باشتر گەیاندنی زانیارییەکان. وبەکارهێنانی هەریەك لەم شێوازانەش بەپێی سروشتی بابەتی وانەکە وبوونی سەرچاوە وهۆکاری پێویست لەبەردەست بۆ وانەکە دەگۆڕێت. |
| ١٥.سیستەمی هەڵسەنگاندن | سیستەمی هەڵسەنگاندن لە بابەتی کوردۆلۆجی بە ڕێگای لێپرسینەوەی ڕۆژانە لە هەر وانەیەک، ئەنجامدانی کویز، سمینار، ئامادە کردنی پاورپۆینت و ڕاپۆرت وتاقیکردنەوەی وەرزییە، کە لە تێکرای وەرزەکە دوو  تاقیکردنەوە ئەنجامدەدرێ وهەریەکەیان لەسەر (٢٠) نمرییە وکودەکرێتەوە و دابەش بەدوو دەکرێت. |
| ١٦.دەرئەنجامەکانی فێربوون | -شارەزابوونی  قوتابی بە زمان و ئەدەبی کوردی.<br><br>- گەیاندنی زانستی نوێ و ئاکادیمی سەبارەت بە هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بە (مێژوو وجوگرافیا و زمان و ئەدەبی) کوردی.<br><br>- شارەزایی قوتابی سەبارەت بە مێژووی کورد و کوردستان. |

**لیستی سەرچاوەکان**


١. بیهزاد خۆشحاڵی، وەرگێر: مستەفا غەفور، فیلۆلۆجیای زمانی کوردی ومێژووی کوردستان.

٢. سەلام ناوخوش وئەوانی‌تر، کوردۆلۆجی، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر/٢٠١٠.

٣. فوئاد محەمەد خورشید، زمانی کوردی ودابەش بوونی جوگرافی شێوە زارەکانی، ١٩٨٥.
٤. فوئاد محەمەد خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، شیکردنەوەیەکی جۆگرافیایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم/٢٠٠٨.
٥.علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی.چاپی دووەم، چاپخانەي مەعاریف، بەغدا/ ١٩٧١.
٦. عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای کوردستان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر /٢٠٠٠.
٧. کەریم حوسێن سورێنی، کورد وکوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر/٢٠١١.
٨. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی. ٧ بەرگی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر/٢٠٠٦ – ٢٠٠١.
٩. محمد معروف فتاح، زمانەوانی،بڵاوکراوەی ئەکایمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم،چاپی سێیەم، هەولێر/٢٠١١.
١٠. محمد معروف فتاح، زمانی ستاندارد وزمانی یەکگرتووی کوردی، ٢٠٠٨.
١١.منیورسکی، کوردەکان، نەوەی مادەکان، وەرگێڕانی دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری ئەنجومەنی توێژینەوەی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بڕگەی یەکەم، ساڵی ١٩٧٣.
١٢. وریا عمر امین، ئاسویەکیتری زمانەوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر/٢٠٠٤.
١٣.یوسف شریف سعید، زمانەوانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر/٢٠١١.

**١٧. بابەتەکان**

- زانیاری دەربارەی کورد و کوردستان
- زانیاری دەربارەی جوگر افیای کوردستان
- زانیاری دەربارەی سامانەکانی کوردستان
- زانیاری دەربارەی زمانەو انی
- زانیاری دەربارەی مێژووی زمانی کوردی
- زانیاری دەربارەی دیالێکت و جۆرەکانی
- زانیاری دەربارەی ئەدەبی کوردی و فۆلکلۆر
- زانیاری دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان
- زانیاری دەربارەی میرنشینەکانی کوردستان
- زانیاری دەربارەی جینۆسایدی کورد و جۆرەکانی
- زانیاری دەربارەی جینۆسایدی مۆدێرکی کورد و جۆرەکانی
- زانیاری دەربارەی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستنەوەی کورد
- زانیاری دەربارەی ئالای و گرنگی ئالای کوردستان
- زانیاری دەربارەی مافەکانی کورد و مافە زەوتکراوەکانی

| |
|---|
| |
| ١٨.بابەتی پراكتیكی:<br>سروشتی بابەتی وانەی كوردۆلۆجی بە خۆی وایە كە هەم لایەنی تێوری وپراكتیكی بەیەكەوە دەوترێتەوە. |
| **١٩. دابەش كردنی نمرەی تاقیكردنەوە:**<br>- چالاكی و پرسیاری ڕۆژانە ٢ %<br>- كویز (quizzes): ٣ %<br>- سمینار : ٥ %<br>- ڕاپۆرت: ١٠ %<br>- تاقیكرنەوەی لە بەشی یەكەم: ١٠ %<br>- تاقیكردنەوەی لە بەشی دووەم: ١٠ %<br>- تاقیكردنەوەی كۆتایی: ٦٠ %<br>- كۆی گشتی: ١٠٠ % |
| **٢٠. جۆری تاقیكردنەوەكان:**<br>١/ **لە شێوەی دارشتن**: لەم جۆرە تاقیكردنەوەیە پرسیارەكان زۆربەی بە وشەی وەكو ڕوونی بكەنەوە...؟ هۆكارەكان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەكات.<br>٢/ **لە شێوەی ڕاست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیكردنەوەیە ڕستەیەكی كورت دەربارەی بابەتێك دەستەبەردەكرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت.<br>٣/ **لە شێوەی پڕكردنەوەی بۆشایی** : : لەم جۆرە تاقیكردنەوەیە وڵامی پرسیارەكە بە شێوەی چەند بۆشایی دێتەوە و قوتابی بۆشاییەكان پڕ دەكاتەوە. |
| **٢١. پرسیاری نمونەیی**<br><br>**١/ لە شێوەی دارشتن:**<br>پ/ چی سەبارەت بەمانەی خوارەوە دەزانێت بە وردی باسیان بكە؟<br>١/ ئاناباسیس زەینەفونە ٢/ كوردۆلۆجی ٣/ ڕافایل لیمكن ٤/ ئەكادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ<br>٤/ئەنجومەنی كەنیسەكانی ڤیەننا ٥/جەنگی خاچپەرستەكان ٦/ ڕۆژی كورد ٧/ ... هتد<br><br>پ/ ئامانجی كوردناسەكان وهاتنیان بۆ كوردستان چی بوو بە خاڵ بیانژمێرە؟ بە وردی دووانیان باس بكە؟<br><br>**٢/ لە شێوەی ڕاست وچەوت:**<br>پ/ **ئەم وڵامانە ڕاستن یان چەوتن، دیاریان بكە و چەوتەكانیش ڕاست بكەوە.**<br>**جیاوازی نێوان زمان و دیالێكت بریتیە لە:**<br>١- زمان لایەنێكی گشتی وسنوورێكی فراوان نادەگرێتەوە و تارادەیەک هەموو دیالێكتەكان لە خۆ ناگرێت. (چەوتە) |

٢- دیالێکت ناوچەیەکی سنووری جوگرافی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت. (ڕاستە)

٣- زمان کۆی هەموو ئەو لێکچوونانە دەگرێتەوە کە لە نێوان دیالێکتەکانی زماندا هەیە. (چەوتە)

٤- دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیانە دروست دەبێت کە لەناو زماندا هەیە. (ڕاستە)

٥- زمان پەیوەستە لەسەر بنەمای لەیەکتر گەیشتن، بەڵام دیالێکت پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، واتە ئەگەر دوو قسەکەر لەیەکتر نەگەیشتن ئەوە پێی دەوترێت زار، بەڵام گەر لەیەکتر نەگەیشتن ئەوە دەبێت بە دوو زمانی سەربەخۆ. (چەوتە)

٦-زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ دەگۆڕێت. (چەوتە)

٧- دیالێکت بەپێی ڕەگەز و جوگرافیا و دابەش بوونی چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێت. (ڕاستە)

**٣/ لە شێوەی پڕکردنەوەی بۆشایی**

**١**- سامانە سروشتئەکانی کوردستان بریتین لە ...............١............، ...............٢................ ، ............٣.................

**٢**- ڕەگەزەکانی ئەدەب بریتین لە ................١......، ...............٢............. ، ...............٣..........، ...............٤..........

**٣**- لەماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان وسەفەوییەکان هەندێک لە میرنشینەکان فەرمانڕەوایی کوردستانیان دەکرد ئەوانەش: .............١..........، ...........٢.......... ، ...........٣..........، .........٤.......... ، ...........٥..........

**٤**- لە ئەنجامی شەڕی (.........................) کە لەنێوان عوسمانییەکان وسەفەوییەکان ڕوویدا.

## ٢٢. وڵامی نموونەیی لە شێوەی دارشتن

### ئاناباسیس زەینەفونە

یەکەمین وکۆنترین سەرچاوە کە ناوی کوردی تیدا هاتبێ وپەیوەندی نێوان رۆژئاوا وکوردمان بۆ بگێرێتەوە، کتێبی (ئاناباسیس زەینەفونە)یە ئەمە بووە سەرچاوەیەك کە ئەوروپا بۆ ناسینی کورد پشتی پێ بەست. ئەم گەشتنامەیە بەزمانی یۆنانی کۆن نووسراوە وبەشێکی تەرخان کراوە بۆ گێڕانەوەی ئەو کارەسات وبەسەرهاتانەی کە زەینەفۆن ولەشکرەکەی پەیان هاتووە.

### کوردۆلۆجی

لقێکە لەزانستی رۆژهەڵاتناسی وبەو توێژینەوە بیانیانە دەوترێت کە لەمێژوو وجوگرافیاو کلتور وئابوری وئاین وبنیاتی کۆمەڵایەتی وزمان وئەدەبیاتی نەتەوەی کوردیان کۆڵیوەتەوە.

### رافایل لیمکن

لە١٩٤٤ پارێزەرێکی ئەمریکی بەڕەچەڵەک پۆڵەندی بە ناوی (رافایل لیمکن) هەوڵیدا سیاسەتەکانی رژێمی نازی لەبارەی کوشتنی بەکۆمەڵی بە بەرنامەرێژ پێناسە بکات، بەتایبەتی قڕکردنی میللەتی جولەکەی ئەوروپا، ئەوبوو کە چەمکی جینۆسایدی دارشت و بەکارهێنا، رەنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو کارەش ئەوە بێت کە ئەو خۆی جولەکە بوو و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لەلایەن نازیەکانەوە قڕکرابوون.

**ئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ**

زانسـتی کوردۆلـۆجی لەکۆتـایی (سـەدەی نـۆزدە و ناوەراسـتی سـەدەی بیسـتەم) بە شـێوەیەکی ڕێژەیـی لە زانسـتی ڕۆژهەڵاتناسی جیابووەوە، ئیتر لەو کاتەوە لە زانکۆکانی ئەوروپادا بە تایبەتی لە (ئەکادیمیای ڕوسیا، زانکۆکانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، سوید و بەریتانیا) وەك بەشێك سەر بە لێکۆڵینەوەی ئێرانناسی و ڕۆژهەڵاتناسی دەخوێندرێت، کوردۆلۆجی لە زانکۆکانی هەموو ئەم وڵاتانەدا لەبەر هۆی سیاسی هەرگیز سەربەخۆ نەبووەو پاشکۆی بەشی ئێرانناسی بووە، بەڵام بۆ یەکەم جار لە ڕوسیا لە ساڵی ١٩٥٩ بەشی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە(ئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ) لە بەشی ئێرانناسی جیابووەوە و بوو بە بەشێکی سەربەخۆ، ئەم کارەش لەسەر دەستی زانا (پیتەر لیرخ) هاتە بەرهەم.

**ئەنجومەنی کەنیسەکانی ڤیەننا**

کوردۆلۆجی، لە سەرەتادا لقێک بووە لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی. ڕۆژهەڵاتناسیش ئەو زانستە بوو کە لە سەدەی چواردەم بە بڕیارێکی "ئەنجومەنی کەنیسەکانی ڤیەننا" بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕەسمی دامەزرا. بە پێی ئەم بڕیارە لە زانکۆ سەرەکییەکانی (ئۆکسفۆرد، پۆڵۆنیا، پاریس، کامبریج) دەستکرا بە وانە وتنەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، کەواتە کوردۆلۆجی سەرەتا بەشێك بووە لە ڕۆژهەڵاتناسی ووەکو ڕۆژهەڵاتناسیش بینینی ڕۆژئاوایە بۆ ڕۆژهەڵات.

**جەنگی خاچپەرستەکان**

لە سەدەی دوازدە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی مسوڵمان ورۆژئاوای مەسیحی ڕوویدا بە ڕێبەرایەتی سەرکردەیەکی کورد بە ناوی سەلاحەددینی ئەیوبی بەرامبەر بە دوو سەرکردەی ئەوروپی بە ناوەکانی (فلیپی فەرەنسی وریچارد شێردڵی ئینگلیز)، کە پەیوەندی نێوان ئەوروپا وکورد لەم جەنگە دێرینەدا چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی لە ئەدەبی کوردی وئەوروپیدا دروستکردوە وەکو (مستەر ریچ) کە ڕۆژهەڵاتناسێکی بەریتانییە لە گەشتنامە بەناوبانگەکەیدا باسی چیرۆکی ئەفسانەیی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، کیغانی فەرەنگ) دەکات.

**ڕۆژی کورد**

لەناو کوردیشدا بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە مێژوویەکی کۆنی نییە و بۆ یەکەم جار زاراوەی (کوردۆلۆجیا) لە ساڵی (١٩١٣) لە لاپەڕە (٨) ی ژمارە (٢) ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ئەستەمبۆڵ لە لایەن (د. عەبدوڵڵا جەودەت)ەوە بە کارهاتووە.

**ئامانجی کوردناسەکان وهاتنیان بۆ کوردستان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:**

١- ئامانجی ئاینی

٢- ئامانجی سیاسی

٣- ئامانجی بازرگانی وئابووری

٤- ئامانجی زانستی و ئەکادیمی

٥- ئامانجی سەربازی

٦- ئامانجی حەزوو ئارەزوو

**ئامانجی ئاینی:** کورد سەر بە دین ومەزهەبی جۆراو جۆر بووە، وەکو: زەردەشتی و مەسیحی و یەزیدی و موسڵمان و حەقە و..... هتد، بۆیە ڕێبەروسەردارانی هەر دینێک ویستوویانە بێن بۆ کوردستان وبیکەن بە مەیدان وبەرەو پێش بردنی ئەو دین ومەزهەبە

| |
|---|
| دیاریکراوەی خۆیان، بە تایبەتیش مەسیحیەکان، دەستەیەکی بەرچاویان هاتوون بۆ ناسینی ئەو کەمە نەتەوایەتیە مەسیحییە کوردەی کە لە کوردستان دەژین بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی وزانیاری پەیداکردن لەبارەیانەوە. وەکو قەشە (مۆریزیۆ گارزۆنی ئیتاڵی و تۆمابوای فەرەنسی).<br>**ئامانجی سیاسی:** هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەمەبەستی سیاسی بۆ دانانی پلانی پێش وەختە بۆ داگیرکردنی کوردستان هاتوون، چونکە کوردستان بایەخێکی ستراتیجی مەزنی لە ڕووی سیاسی وسەربازی بۆ وڵاتی بێگانە هەبووە، وەک (مێجەرسۆن).<br>--------------- --------------- -------------------- -------------------- ------------<br>**٢/ وەڵامی نمونەیی پرسیاری ڕاست و چەوت**<br>**جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت**<br>**خاڵەکانی (٢ – ٤ – ٧ ) ڕاستن و خاڵەکانی ( ١ – ٣ – ٥ – ٦) چەوتن و ڕاستەکەیان بەم شێوەیە:**<br>**١**- زمان لایەنێکی گشتی وسنوورێکی فراوان دەگرێتەوە و تارادەیەک هەموو دیالێکتەکان لە خۆ دەگرێت، بەڵام دیالێکت ناوچەیەکی سنووری جوگرافی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت.<br>**٣**- زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە لە نێوان دیالێکتەکانی زماندا هەیە، بەڵام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیانە دروست دەبێت کە لەناو زماندا هەیە.<br>**٥**- زمان پەیوەستە لەسەر بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، بەڵام دیالێکت پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر گەیشتن، واتە ئەگەر دوو قسەکەر لەیەکتر گەیشتن ئەوە پێی دەوترێت زار، بەڵام گەر لەیەکتر نەگەیشتن ئەوە دەبێت بە دوو زمانی سەربەخۆ.<br>**٦**- زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت، بەڵام دیالێکت بەپێی ڕەگەز و جوگرافیا و دابەش بوونی چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێت.<br>--------------- --------------- -------------------- -------------------- ------------<br>**٣/ وەڵامی نمونەیی پڕکردنەوەی بۆشایی**<br>**١**- سامانی ئاوی ڕووبارەکان، سامانی نەوت و کانزاییەکان، سامانی ڕووەکییەکان ، سامانی ئاژەڵ<br>**٢**- سۆز، ئەندیشە، بیر، شێوە<br>**٣**– **١**- میرنشینی بەتلیس ٢- میرنشینی ئەردەلان ٣- میرنشینی بادینان. ٤- میرنشینی سۆران. ٥- میرنشینی بابان<br>**٤**- شەڕی چالدیران |
| ٢٣.تیبینی‌تر |
| |